NHS

# 3 ڕێگا بۆ دۆزینەوەی

## چاودێری کتوپڕی ددانی NHS



northeastnorthcumbria.nhs.uk/nhs-dentistry

# دەتوانیت بە 3 شێواز چاودێریی کتوپڕی ددانی NHS پەیدا بکەیت

یەکەم شوێن تاقیبکەیتەوە پزیشکی ددانی NHSە. دیداری دەستبەجێ لە کاتی کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن پێشکەش دەکەن.

ئەگەر هەتە، پەیوەندی بە پزیشکی ددانی خۆت بکە، یان دەتوانیت لە ڕێگەی nhs.uk/service-search/find-a-dentist، پزیشکێکی ددانی NHS بدۆزیتەوە.

ناوەندەکانی خزمەتگوزاریی ددانی کتوپڕ سەرەی دەستنیشانکردن پێشکەش دەکەن و چارەسەری کێشە کتوپڕەکان دەکەن یان چارەسەری ئەو دۆخە دەکەن کە ڕەنگە تۆ نیگەرانی بیت. ئەوان چاودێریی ددانی ڕۆتینی پێشکەش ناکەن، وەک پشکنین.

دەتوانیت سەنتەری خزمەتگوزاریی چارەسەری ددانی کتوپڕ بەکاربهێنیت ئەگەر:

- ئێستا چارەسەری بەردەوام لە پزیشکی ددانی NHS وەرناگریت
- ناتوانیت سەرەی کتوپڕ لای پزیشکی ددانی NHS وەربگریت.

منداڵ و گەورەساڵان دەتوانن ناوەندەکانی چارەسەری کتوپڕی ددان بەکاربهێنن.

دەتوانیت لێرەوە سەرەی خۆت حیجز بکەیت:
www.northeastnorthcumbria.nhs.uk/nhs-dentistry

تێچوو و لێخوشبوونی ئاسایی NHS جێبەجێ دەبن.

ناوەندەکانی چارەسەری کتوپڕی ددان لە دووشەممە تا هەینی ژمارەیەک سەرەی سنووردار پێشکەش دەکەن، بۆیە ئەگەر کتوپڕ نیە و نچیتە دیدارەکەت، سەرە مەگرە. ئەگەر نەچیتە دیدارەکەت، واتە کەسێکی دیکە کە پێویستییەکی کتوپڕی ددانی هەیە ناتوانێت سوودمەند بێت.

دەبێت پەیوەندی بە nhsuk.111 یان پەیوەندی بە 111 بکەیت ئەگەر لای پزیشک یان سەنتەری ددانی NHS سەرەی چارەسەری کتوپڕ نادۆزیتەوە.

ڕاوێژکاری NHS111 لەگەڵت باسی پێویستییەکانت دەکات.

ئەگەر دەستبەجێ پێویستت نیە،ڕەنگە بتوانین ڕاوێژت پێبدەین کە چۆن خۆت کێشەکەت چارەسەر بکەیت تا سەرەی دیدارت دێت.

ئەگەر پێویستت بە یارمەتیی دەستبەجێیە، ڕەنگە بتوانین لە کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن لە سەنتەرەکانی چارەسەری کتوپڕی ددان یان لە خزمەتگوزارییەکانی چارەسەریی دەرەوەی کاتژمێرەکان، دیدارێکت بۆ بدۆزینەوە.

زۆربەی نەخۆشخانە گشتیەکان خزمەتگوزاریی کتوپڕیان بۆ ئازاری ددان نیە، دەبێت خۆت سەردانی nhs.uk.111 یان پەیوەندی بە 111 بکەیت بۆ چاودێریی ئازاری کتوپڕی ددان.

# دەبێت کەی داوای دیداری چارەسەری کتوپڕی ددان بکەیت؟

دەبێت دیدارێکی دەستبەجێی ددان وەربگریت ئەگەر ئەمانەت هەیە:

- ددانئێشە کە ئەوەندە خراپ بێت بە ئازارشکێنی بێ ڕەچەتە نەوەستێت یان سووک نەبێت.
- ئاوسانی دەم یان دەموچاو، وەک هەوکردن کە ئازار یان تا دروست بکات
- ددانی شکاو یان کەوتوو
- خوێنبەربەوونی دەم دوای نەشتەرگەریی ددان یان بریداری کە خۆی نەوەستێتەوە - ئەگەر خوێنبەربوون کۆنتڕۆڵ نەکرا، ڕەنگە پێویستت بە چاودێریی کتوپڕ بێت
- پڕکردنەوەی شل یان شکاو کە ئازاری هەبێت
- خوێنبەربوونی سەختی پووکەکان
- کێشەی بەشە نەرمەکانی دەم، وەک ڕوومەت یان زمان.

دیداری دەستبەجێیش بەردەستە ئەگەر خەمی ئەمانەت بوو:

- ئازارێک کە بە ئازارشکێنی ئاسایی نەوەستێت بەڵام سووک ببێت
- تراومای سووکی وەک ددانی لەتبوو
- شلبوونەوە، شکان یان دەرچوونی کراون، بریج، ڤێنەر، پۆست و پڕکردنەوە کە ئازاری نەبێت
- قاڵبی ددانی شکاو
- خوێنبەربوون لە پووک

Scan the QR code or visit:
northeastnorthcumbria.nhs.uk/nhs-dentistry